
# بەد گومانی لە پیشهاتی بارانێ کە نابارێ



عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

دەریاو دەریا
دەچمەوە خزمەتی سەفەر
کۆترەکان بە (با) دەسپێرم

دەریاو دەریا
رەش دەچێتەوە نیشتیمان
رەش وەک ئەو شەوە سپیانەی
دەگەڕێمەوە گۆشەی ماڵ

دەریاو دەریا
پێشهاتەکانی بارانم دەنووسیەوە
مێگەل لە بەرامبەر تەمتومان خۆی وندەکرد
من لە بەرامبەر نیشتیمان
بەد گومانی دەخوێنمەوە

دەریاو دەریا
شەو خەونەکان بە (با) دەدا
نیشتیمان دەفتەری مانا

دەریاو دەریا
مێگەل وەک (با) چنگ بۆ هەڵچوون دەکاتەوە
شەو وەک باران هەڵدەوەرێ
نیشتیمان وەکو بیابان
دەریاو دەریا
ئاو بۆنی لاشەی مێگەلی هەلگرتووە
ماڵ بۆنی بارووت و زیندان
شەوو شەو
مێگەل دەبارێ
ئاو بەرەو مەنفا کۆچ دەکا
منیش ورد ورد بەرەو گومان

دەریاو دەریا
باران زەرد زەرد هەڵدەگەرێ
بیابان دەنووسێتەوە
منیش نامەی سەرگەردانی بۆ کۆترەکان

دەریاو دەریا
لقێکی ئەو بارانە دەچێتەوە نێو بوون
لقێکی دەگەڕێتەوە بۆ سەر رەچەلەکی گەڵا
لقێکی دەخزێ و
لەو دیوو بەدگومانی دەریا دەیبا

گەڵاو گەڵا

خۆم لە باران بەتاڵ دەکەم

گەڵاو گەڵا
بە دەنووکی ئاو دەنووسم نائومێدی
گەڵاو گەڵا  زەرد هەڵگەرام
(شەوەکان رەش دەکەمەوە)

گەڵاو گەڵا
چالاکانە دەچمەوە ماڵ
چالاکانە پێکێک لە دڵی خۆم هەڵدەدەم
ورد ورد تەنها بۆ یادگاری
لە نیشتیمان
مەرگ بەرستە وەدەکەم.

تەمموزی 2001 هەولێر